# گرفتەکانی‌یاسای هاتوچۆی کوردستان و چەند پێشنیارێك

قادر ڕەشید

نەبوونی یاسایەکی‌هاتوچۆی گونجاوی هاوچەرخ لە کوردستاندا و چەند هۆیەکی جددی تر بوەتە هۆی بێسەروبەری لێخورین و سەرپێچی بەردەوام لەلایەن خەڵکیی و شوفێرەوە کە هاووڵاتیانی‌نارەحەتکردوە و بەرۆژانە روداوی دڵتەزێنی لێئەکەوێتەوە، پێم وایە بوونی یاسای هاتوچۆی ژمارە 48ی ساڵی 1970 کە تا ئەمرۆ لە کوردستاندا پەیرەو ئەکرێت و لە ڕژێمی‌بەعسەوە بەمیراتی بۆمان ماوەتەوە ، لەخۆیدا کەمتەرخەمیەکی گەورەیە لە پەرلەمانی پێشو و ئیستای کوردستانەوە ، لە دوای 15 ساڵ ئازادیی‌و سەبە خۆیی پەرلەمانیمان و لە پاش ئەو هەمو گرفت و گۆرانکارییەی بە سەرهاتوچۆدا هاتوە لە کوردستاندا کەچی ئەم یاسایە وەك خۆی ماوەتەوە و نەیان توانیوە بیگۆرن بە یاسایەکی گونجاو ی پیشکەوتوو ، ئەمە لە خۆیدا ناتەواویەکی ئاشکرایەو ئەبێ بیرێکی جددی لێبکرێتەوە .

2 ـ سەرپێچی‌کردن لەیاسا لەلایەن خەڵکی وشوفێرو هەندێك لە دەزگاکانی هاتوچۆشەوە لەخۆیدا لاوازیی‌و کەمتەرخەمی بەرێوەبەرانی هەردوو سوڵتەکەئەگەیەنێت ، لە نوسینەکەی پارێزەرکاك (ستارخوارەحم)دا لە ژمارە 115ی رۆژنامەی هاووڵاتیدا وا دەرئەکەوێت کە ئەو سەرپێچیەیی‌پۆلیس و ئەفسەرو کورِی پایەبەرزێکی دەسترۆیشتو لە سلێمانی کەبێمۆڵەت ئۆتومبیلی باوکی لێخوریوەو کاك ئاسۆو و حیمایەکانی باوکی شوفێری بێمۆلەت تەمەن 17ساڵ ئەمانە هەر هەمویان یاسای حیزبی‌دەسەڵاتداریان پەیرِەو کردوە نەوەك یاسای دەوڵەت ،وا دەرئەکەوێت ئەمرۆ یاسای حیزب لە سەرو هەمو یاسایەکی ترەوەیەو بەرقەراریشە ، کەچی یاسا کۆنە ئیکسپایەرەکەی بەعسیش هەر بە سەر شوفیری تەکسیەکاندا دەمەزەرد ئەکەنەوە و هەر رۆژەی بیانویەکیان بۆ ساز ئەکەن چونکە بێکەسن و خاوەنی حیزب و سەندیکای راستەقینەی خۆیان نین کە داکۆکیان لێبکەن ، گەر ئەرکی‌حیزبێکی سیاسی‌دەسەڵاتدار بووە دەستتێوەردان لەئیداری دەوڵەت ئیتر سەر لەئیدارەکەش تێکئەدات و کێشەکان قوڵتر ئەکاتەوەو شیرازەی یەکسانی خەڵکی بەرامبەر بەیاسا ئەشێوێنێت و گەندەڵی لێئەکەوێتەوە .

ئەبوایە بەرێز کاك ستار بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناتەواویانە چەند داواو پێشنیارێکیشی رابگەیاندایە تا ئەم سەرپێچیەزیانبەخشانە بە رۆژانە چەند بارە نەبێتەوە ، پێم وایە هۆی سەرەکی‌سەرپێچیەکان و تەشەنەی‌گرفتەکان بێئەزمونیی‌و لاوازی سوڵتە ئەگەیەنێت کە خەڵکی توشی ئازارو نارەحەتی‌کردوە ، تەنانەت ماندوبوونێکی زۆریشی بۆ ئامێری پۆلیسی هاتوچۆ پەیدا کردوە ، بۆ نمونە : شوفێر بە سەرخۆشی لێئەخورن ، لە هێڵی سور ئەدەن ، رێژەی لێخورینی خێرا بێسنورە ، خەڵکی بێمۆڵەت لێئەخورن،

لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەسەرپێچی دەسترۆیشتوەکان مومکن نیەو کراوەتە مادەیەکی یاسا ، ئەم سەرپێچییو ناتەواویانە لە خۆیدا ناڕەواییە بە یاساو بەمافی مرۆڤ . شوفێر بەگشتی زانیاریان لە سەر یاسا کەمە و خۆیان یاسایەکی لێخورینیان بۆ خۆیان دیاریکردوە ، لە ڕێگەی هۆڕنەوە گرفتە کانیان چارەسەر ئەکەن ، شەقامەکانی ناوشارو دەرەوەی شار وێرانە و هەرگیز لەبارنیە بۆ ئەو ئۆتومبیلەزۆرەی لە ئەوروپاوە هاتۆتە کوردستانەوە بەبێ نەخشەیەکی واقیعیانەو دروست ، بێئەوەی وڵاتمان وڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتوبێت وپێویستی بەو ژمارەئۆتومبیلە زۆرە هەبێت ، شارو شارۆچکەکانی کوردستان بووەتە گەراجێکی پانوبەرینی ئوتومبیلی کۆنی ئەوروپا ، تەنها بۆ ئەم ئوتۆمبیلانە ملیۆنان دولار لە کوردستانەوە براوەتە دەرەوەی وڵات ، لەگەڵ ئەم بێسەرو بەریەشدا ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتومبیلی تاڵانی دوای ڕوخاندنی بەعس هینرانە کوردستانەوە ئەمە لەخۆیدا زیانێکی زۆری بە ژینگەو بە ئابوریی و هاتوچۆ گەیاندوە تەنانەت ماندوبوونێکی زۆریشی بۆ دەزگای پۆلیسی هاتوچۆ پەیداکردوە ، جا نەبوونی یاسایەکی پێشکەوتوی گونجاو کە بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان سودبەخش بێت و نەبوونی پرۆژەو بەرنامەیەکی دیاریکراویش کە سود لەئەزمونی وڵاتانی دەرەوە وەرگرتبێت بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی هاتوچۆ ، بە ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر باجی گیانییو مادیو دەرونی خۆیان ئەدەن و تادێت ڕێژەی سەرگەردانیش لە زیادبووندایە ، ئەمڕۆ لێخوڕینی ئۆتومبیل لە ناو شارو دەرەوەی شاردا بوەتە شەڕی سەنگەر لە یەکگرتن و شەڕی براکوژی و هەروەها تەشەنەی‌نەخۆشی دەرونی لە ڕیزی شوفێرەکاندا لە پلەی مەترسیدایە ، لەجیاتی دانانی نەخشەیەکی‌گونجاو بۆ کەمکردنەوەی گرفتەکان ، ژمارەی پۆلیسی هاتوچۆیان زیاد کردوە ، بۆنمونە: ژمارەی پۆلیسی هاتوچۆی شاری سلێمانی و هەولێرو دهۆك دوو ئەوەندەی ژمارەی پۆلیسی‌هاتوچۆی هەموو وڵاتی سویدە زیاترە ، ئەوەی جێی سەرنجە لە شەقامەکانی پایتەختی سویدو لەشارو شارۆچکەکانیدا پۆلیسی هاتوچۆ بەدەگمەن ئەبینرێن و ڕوداویش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ڕوو ئەدات ، خەڵکییو شوفێر بە قەناعەتیانەوە پابەندی یاسان ، شوفێر لە سوید مۆڵەتی لێخوڕین وەك شەهادەیەکی دیپلۆم بەراورد ئەکات.

پێویستە لە سەرسەندیکای هاتوچۆ و گواستنەوە و دەزگای پۆلیس و ئیدارەی شارەوانیەکان و ئەنجومەنی‌هاتوچۆو گواستنەوە و یاساناسان. بە بەردەوامی لە هەڵسەنگاندنی‌کێشەو ناتەواویەکانی یاسای هاتوچۆدا بن لە گۆڕانکاریدا بن بۆ دانانی نەخشەی نوێ بۆ خزمە تگوزاری خەڵکیو کەمکردنەوەی ئازارو زیانەکانی ڕۆژانەیان ، هەروەها بەستنی سمینارو کۆڕوکۆبونەوەی هاوبەش لەنێوان پۆلیس و شوفێرو خەڵکیدا بەگشتی بە مەبەستی ڕاگەیاندنی زانیاریی و لە یەکتریگەیشتن و بەهێزکردنی باوەڕو متمانەی نێوانیان زەرورەتێکی‌کۆمەڵایەتی ڕۆژانەیە ، پێویستە لە قوتابخانەکاندا منداڵان فێربکرێن چۆن لە جادە ئەپەڕنەوە لە ڕێگەی ڕادێو و کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆژنامەکانەوە بەرنامەی تایەبەت لە سەرگرنگی یاسا ی هاتوچۆ ڕابگەیەنرێت و ڕێز ی لێبگرن ، هەروەها سەندیکای هاتوچۆو گواستنەو واز لەئەرکی فەرمانبەریی و

وابەستەیی حیزبیی وحکومی بهێنن و لە خزمەتگوزاری ئەندامەکانیاندا بن و لە ئاستی چارەسەریکێشەکانی براکانیاندا بن و سەندیکا بکرێتە قوتابخانەیەکی سەربەخۆی ئازاد بۆ پەروەردەی ئەندامەکانی لە ئاستی زانیاریی یاسایی و هاوکاری نێوان دەزگای پۆلیس و شوفێر و خەڵکی ، ئەرکی هەموو هاووڵاتییەکە زانیاریان لە سەریاسای هاتوچۆ هەبێت ، پێویستە لە سەر بەڕێوەبەرانی سەندیکای گواستنەوە لەڕێگەی یەکێتی سەندیکای کرێکارانەوە وەك ئەندام لەپەڕلەمانیکوردستان و عێراقدا بەشداربن ئەوە پێویستیەکی کۆمەڵایەتیە بۆ دابینکردنی یاسایەکی گونجاوی پێشکەوتو لەخزمەتگوزاری خەڵکیدا بێت و داخوازیە چینایەتیەکەشیان مسۆگەر بکەن ، هاوکاری سەندیکا بۆ بایەخدانیان بە یاسای هاتوچۆ گرفتت و ڕوداوە نەگەتیڤەکانی ناو شەقامەکان و ڕێگاو بانیش کەم ئەکاتەوە .

(ئەرحم الراحمین)ی دەزگای پۆلیسی هاتوچۆ لەئاستی سەرپێچی دەسەڵاتداران و نەوەکانیان زیانە بەو ئەرکە خزمەتگوزارییەی لە ئەستۆیەتی .

ڕێگە بدرێت بە سەندیکای هاتوچۆو گواستنەوە ئەرکی ڕاستەقینەی پیشەییخۆیان لە باری کۆمەڵایەتیانەوە بە ئازادنەو بوێرانە ڕابگەیەنن و داوای دانانی یاسایەکیهاتوچۆیگونجاو بکەن لە پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری لە سەر بدرێت ، لەبەر ئەوەی ئەم دیاردیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەکۆمەڵگاوە هەیە ,

2005/12/27